The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

## پەرلەمانی تورکیا بەکۆی دەنگ لەگەڵ قەڵاچۆکردنی کوردان , ئێمەش دەبێت بەکۆی دەنگ بڕیاری بەرگری بدەین و هێرشی سەربازی ڕەت بکەینەوە

## مالکی داوا دەکات سوپای عێراق و تورکیا بە هاوبەشی هێرش بکەنە سەر گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

ئەمڕۆ 17-10-2007لە دەنگدانێکی ئاسایی لە پەرلەمانی تورکیا , جگە لە پەرلەمانتارانی دە تە پە , 507 پەرلەمانتاری پارتەکانی دی , لەسەر لیستەکانی "ئاکەپە , جە هە پە , دیموکراتی چەپ , مەهەپە " دەنگیان بۆ لەشکرکێشی بۆسەر کوردستان دا .

هاوکات هەر ئەمڕۆ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ کەناڵی سی ئێن ئێنی تورکی , نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراقی پێشنیاری هێرشی هاوبەشی سەربازانی عێراق و تورکیای کردووە بۆ سەر پارتی کرێکاران , هاوکات هەر ئەمڕۆ بەشار ئەسەدیش پشتگیری خۆی بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر پارتی کرێکارانی بۆ تورکیا ڕاگەیاند .

ئەم هەڵوێستانە سەرجەمیان لە چاوەڕوانی کاردانەوەی شەقامی کوردیدان , ئەگەر بێدەنگ بین ئەوا هەڵەبجە و ئەنفالەکان بەبەرچاومانەوە دوبارە دەبنەوە , بۆیە یەکێتی نەتەوەیی ئەرکی بەپەلەو زامنی تێکشکاندنی پلانەکانی داگیرکەرانە , لە کوردستان جاڕدانی بەرگری جەماوەری , لە هاندەرانیش ناڕەزایەتی سەرانسەری .

**ناوەندی چاك**

2007-10-17

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

**تێبینی : تەنها ئەم ئیمەیل و ماڵپەڕەمان هەیە .**